## ئایا بە گرتنی پۆلاو لاوانی کوردستان گیروگرفت وکێشەکان چارەسەر دەبن؟؟ ... ئەحمەد رەجەب

لە هاوینی گەرمی کوردستان وئەمجارەیان لە شاری کفری سەربڵندی گەرمیان خۆپیشاندان دژ بە گەندەڵی و نەبوونی ئاوو کارەباو سووتەمەنی دەستی پێکردو بلێسەکەی گەیشتە کەلارو چەمچەماڵ و دەربەندیخان و زرایەن وسلیمانی شاری هەڵمەت وقوربانی و لە باتی جێبەجی کردنی داخوازییەکانی هاولاتیان ئاسایش کەوتە تەقە کردن و گرتنیان بە کۆمەڵ.

بەرپرسانی کوردستان لە گەورە تا بچوک، لە سەرۆک و وەزیرو پاریزگار تا ئەگاتە سەرۆک شارەوانی و ئەنجومەنی گوندەکان باس لە دیوکراسی و ئازادی دەکەن و، کوردستان بە بەهشتی سەر زەمین دادەنێن و، ئەوەش ئەگەر راست بی جێی خۆشی و کامەرانی هەموولایەکە!!، بەلام بە داخەوە هێشتا زۆرمان ماوە پەیرەوی دیموکراتییەت بکەێن و، بە ئازادی بژێین.

راستە کوردستان لە دیدی خاوەنەکانی دەسەلات بەهشتە، چونکە سەرەرای ئاوو کارەباو سووتەمەنی، کۆشکی قەشەنگ و، تۆتۆمبێلی نایاب و، باخی جوان و حەوشەی پر لە گوڵ وگوڵزاری جۆراوجۆر کە بە دەیان و سەدان گلۆبی پەمەیی و ئاویی و مۆرو شین و هەمەجۆر رازاوەتەوەو، پارەی مۆڵ و پولی زۆریان بەدەستەوەیەو، بەو پەری خۆشی و کامەرانی و بیباک دەژین، ئەز لە نووسینێک کە لە رۆژی 2005/6/5 لە زووربەی سایت و ماڵپەرە کوردییەکان بلاو کراوتەوە، سەبارەت بە پارەو پول وتومە:

پارە لە کوردستان زۆر زۆرە یاری و قەمچانی پێدەکەن، ئەوەندە زۆرە لە سنوور تێَپەریوەو نازانن چۆن چۆنی خەرجی بکەن، نازانن ئاو بۆ مالان رابکێَشن هەر بۆ نموونە کاربەدەستان دەڵێَن پارەمان هەیە بەلاّم لە زۆر شوێین ئاو کەمەو ئەمەش بووەتە کۆسپ!!. لێَرەدا پێَویستە بلێین: لە بێَ خەبەران کەشکەک سلاّوات... لە رووی بێ ئاوی و تینۆتی باری دهۆک وهەولێَر، لە کەرکوک وسلێمانی باشتر نییە و، بە دەگمەن جیاوازی لە نێوان شارو شاروچکەکان دەبینرێت و، ئەم قەیرانە، قەیرانی بی ئاوی هەموو لایەک وەک یەک دەگرێتەوە.

راستە لە هەندێَ شوێن بی ئاوی یان کەمی ئاو کۆسپە، بەلاّم لە دەربەندیخان وباوە نوورو کەلار هەر ماڵێَک یەک کاتژمێر ئاو وەردەگرێت!!. بۆ نموونە لە دەربەندیخان دەریاچەیەکی ئاو هەیە وئاوی سیروان بە بەلاش دەروات!!، ئاوکەی سیروان لە هەندی شوێن بەلای ماڵّەکانەوە تێدەپەری هەر لە دەربەندیخان تا کەلارو جەلەولا، ئێمەی کورد سوودی لی وەرناگرین، لە خوار جەلەولا برا (عروبەکانمان) سوودی لێَوەردەگرن و، هەر بۆ نموونە تا باقوبەو بەغدا زەوی بە هۆی ئاوی کوردو کوردستان سەوزەو رەنگینە. پێَویستە هەموو لایەک ورياو چوست و چالاک بێت و، کەس نەتوانێَت بەشی بخوات، یان بوار بە گەلحۆو پیاو خراپ بدات هەموو خراپکارییەک بە خواست و ئارەزووی خۆی بکات و، بۆ ئەوەی ئەو لایەنە هەر کەس بێت نەبێتە پرد بۆ پەرینەوەی دزو جەردە، پێویستە مرۆڤ لە ئاستی لێپرسراوێتی بێت و، هەمیشە هەوڵ بدات ئەو جۆرە پیاو خراپانە دوور بخاتەوە، ئەگەر نەیتوانی بەلای کەمەوە ریسوایان بکات..

پێش سالێک خەلکم هانداوە چالاکانە کار بکات بۆ لابردنی پیاو خراپ و لەناوبردنی گەندەڵی، بە تایبەت لە کەلارو دەربەندیخان و، خۆشبەختانە هەردوو شارەکە بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دووایەی کوردستان کرد.

دیارە کەس بیر لە هاولاتیان ناکاتەوە، تا پارەو پول و گەندەڵی هەبێت دزی باوەو، گیرفان پرکردن لە لایەن بەرپرسەکان کارێکی ئاسایەو، هەر ئەو دیاردە دزێوە بوەتە هۆی خرۆش و جۆشی هاولاتیان و بێنە سەر جادەو شەقامەکان و داوای مافی خۆیان بکەن. ئەو هاولاتیانە کەسانێکی پاک و لێهاتوون و زوبەی زۆریان شان بەشانی ئەوانەی ئەمرۆ بەرپرسن تێکۆشاون و، بگرە لەوان زۆرتریان بۆ ئازادی وسەرفرازی کوردستان کردوە و، دیارە چیتر ناتوانن بەرامبەر بە گەندەلی و دزی و جەردەیی بێدەنگ بن و، بۆیە هانی جەماوەر دەدەن کە رێپێوان و خۆپیشاندان بکەن.

گرتنی خەڵکی سڤیل لە لایەن ئاسایشەوە کارێکی بەدخووەو، دێزەو بەدفەرەو، رفاندنیان شورەییەو، وەلامدانەوەیان بە تەقە جێی شەرمەزاری و سەرشۆرییە.

یەکێک لەو کەسانە بە ناوی پۆلا لە گەڵ ژمارەیەکی تردا گیراون و، هەواڵەکان وا دەگات کە بێسەرو شوێنن، پۆلا (رزگار عەزیز) لە خێزانێکی شیوعی ناسراوە، مام عەزیزی باوکی چەندان جار لەلایەن رژێمە خوێنرێژەکانی عێراق گیراوەو، خۆی و خێزانەکەی تووشی ئەشکەنجە و داپلۆسین بوون و، مولازم بروای برای بە دەست رژێمی دیکتاتۆری خوێنرێژ شەهید کراو، پۆلا هەر لە گەرمەی لاویدا بووە پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق وچالاکانە دژی دیکتاتۆرتی بەعسی خوێنرێژو موستە شارو جاش و مشەخۆران پەرەی بە تێکۆشانداوەو، ئەوە بوو لە راپەراندنی کارێک دژ بە رژێمی بەعسی فاشی گیراو زیاتر لە 14 ساڵ وەک قارەمانێکی خۆراگر لە زیندانەکانی ئەو رژێمە چەپەڵە مایەوە.

**لێرەدا لە ئاسایش و دەستە تۆقێنەرەکان و کاربەدەستان دەپرسین:**

**ئایا بە گرتنی پۆلاو لاوانی کوردستان گیروگرفت وکێشەکان چارەسەر دەبن؟؟ ئایا خەڵک کوشتن رەوایە؟ کەی کارەباو ئاوو سووتەمەنی دابین دەکەن؟**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە گرتن وکوشتن و رفاندنی خەڵک بەرپرسیارەو، تاکەی پەرلەمانی کوردستان لەو جۆرە کارانە بێدەنگ دەبن؟؟ ئەی ئەوانەی دەنگیان داوەوە و، نۆینەریان هەڵبژاردووە بۆچی بێدەنگن؟؟. کەی گیراوەکان بەرەلا دەکرێن و، تاوانباران سزا دەدرێن؟؟.**

2006/8/15